www.kurdistannet.org
25-9-2006 13:02بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# د. سالار حەمەسوور باسیرە: *گەندەڵی چۆتە بارودۆخێکەوە کە ڕیفۆرمیش تازە دەرەقەتی نایەت، *ئێمە وەک ئەکادیمیا زۆر بێدەسەڵاتین و بەشداری دەسەڵات نەکراوین ... ئا: ستیڤان شەمزینانی



بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان لەدۆخێکی ناجێگیردایە لەهەمان کاتدا بۆشایی و کەلێنێکی گەورە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسیدا دروست بووە ئەمەش بۆتە فاکتۆرێکی سەرەکی بۆ بێزاریی خەڵک و لەگەڵیدا شەپۆلێک ناڕەزایەتی قووڵی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەلایەکی ترەوە ئیدارەو دەسەڵاتی سیاسی نغرۆ بەگەندەڵییەکی کوشندەبوو کەبۆتە هۆی بەرپابوونی نادادپەروەرییەکی گەورە لە هەناوی کۆمەڵگەدا، بۆ قسەوباسکردن لەسەر ئەم تەوەرانە و دۆخی سیاسی کوردستان بەگشتی ئەم دیمانەیەمان سازدا لەگەڵ بەڕێز (د. سالار حەمەسوور باسیرە) مامۆستا لە کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی.

ستیڤان: ماوەی ڕابردوو چەندین خۆپیشاندان کە لەزۆریاندا گەیشتە ئاستی توندوتیژیی و پێکهەڵپڕژانی خەڵک و هێزەکانی ئاسایش لەزۆرێک شارو شارۆچکەکانی کوردستان سازدرا، دەکری بپرسین ئەم خۆپیشاندانانە دەرهاویشتەی کام بارودۆخن؟ یان بەمانایەکی تر فاکتۆرەکانی تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک کامانەن؟

د. سالار: بەقەناعەتی من خۆپیشاندانی خەڵک مافێکی شەرعییە، مافێکی مرۆڤە، ئەگەر بۆ خواست و ویستێکی شەرعی و ئاشتیخوازانەی ژیانی بێت جا ئەو داواکارییە تەعبیر لە داواکاریی سیاسی بکات یان کۆمەڵایەتی و ئابووریی.
دەسەڵاتدار پێویستە بکۆڵێتەوە لەوەی خەڵکی بۆ دێنە سەرشەقام؟ هۆی ناڕەزایەتییەکانیان چین؟ یەکەم پێویستە کارێک بکرێت پێش ئەوەی مرۆڤ یان دەسەڵاتدار توندوتیژیی بەکاربێنێت نەهێڵرێت بگاتە ئەو ڕاددەیەی کەخەڵکی بۆ داواکارییەکانی بێتە سەرشەقام ئەمەش بەچارەسەرکردنی کێشەکان تا نەگاتە ڕادەی توندوتیژیی لەلایەن هەردوولاوە.
دووەم پێویستە بکۆڵدرێتەوە لەوەی ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەی کە هاتوونەتە سەرشەقام بۆ گوزارشت لەداواکارییەکان هۆیەکانی چییە؟ ئەمە دەکرێت بدرێتە دەست دامودەزگای ئەکادیمی و سیاسی تا بکۆڵدرێتەوە لەوەی ئەمانە لەکوێوە هاتوون؟ خەڵکی کوێن؟ لەچ خێزانێکن و داواکارییەکانیان چین؟ ئەمانە لێبیکۆڵدرێتەوە و بخرێتە ژێر توێژینەوەیەکی مەیدانی بۆئەوەی ئەو وەختە سیاسەتمەداریش بتوانێت کەڵکی لێوەربگرێت لەوەی ئەم دواکاریانە شەرعین یان نا و لەپێناوی چیدایە؟
بۆئەوەی بەڕاستی کاری لەسەر بکرێت و یاسای بۆ بگۆڕدرێت و پراکتیزە بکرێت... بەقەناعەتی من بەکارهێنانی توندوتیژیی بەرامبەر بە خۆپیشاندانێک بیئەوەی لێیبکۆڵێتەوە کە هۆکەی چییە سیاسەت و بیرکردنەوەیەکی هەڵەو تەقلیدییە، چونکە کێشەکە بەمە چاسەر نابێت، ئەمڕۆ توندوتیژیی

بەکاربێنیت و بیترسێنیت ئەی ئەگەر سبەینی دووبارە بووەوە؟ ئەی دوو سبەینی؟ ئەی ئەگەر چۆیە شەشەم و دەیەم و دوانزەهەم؟ ئەی ئەگەر چەندین شارو شارۆچکەی گرتەوە؟ دەبێت ئێمە لەمێژووی سیاسی بەلانی کەم لەعێراقدا فێربوو بین توندوتیژیی چارەسەر نییە، دەشبێت خۆپیشاندەرانیش ڕێگای ئاشتی و هێمنانە بگرنەبەر، بۆئەوانەشی توندوتیژیی بەکاردەهێنن بەراستی بکۆڵدرێتەوە لەوەی کە لەچی حاڵەتێکدا توندوتیژیی بەکاردەهێنێت ئایا هەڵچوونێکە کە ئەو کەسە خۆی نەیویستووە تووشی دەبێت یان نا؟

دەسەڵاتیش پێویستە بزانێت ئەمە بەتوندوتیژیی چارەسەر نابی بەڵکو بەلێکۆڵینەوەی باکگراوەندی دیاردەکان و دانانی قانوون و چارەسەرکردنی کێشەکان چارەسەر دەبێت.

بەقەناعەتی من و ئەوەندەی تێبینیم کردووە داواکارییەکان داواکاریی ئینسانی بوون و داواکاریی هاوڵاتی بووە لە ئاوو کارەباو کێشەی گەندەڵی و گرانی بازاڕو کەمیی موچە، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا خۆپیشانەکە خۆی ببینێتەوە بەڕاستی داواکارییەکی شەرعییە و پێویستیشە دەسەڵات لە خۆپیشاندان نەترسێت بەڵکو بیر لەوەبکاتەوە کەنابێت لەوڵاتی ئێمەدا کۆمەڵێك بی ماف بن و کۆمەڵێکیش ئیستغلالی بارودۆخ بکات بۆ خۆشگوزەرانی خۆی.

ستیڤان: هۆکاری هەرە بەرچاو و سەرەکی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك لەنەبوونی خزمەتگوزارییەکان و بی مافی هاوڵاتیاندا خۆی کۆکردۆتەوە بەڵام سەرەڕای خۆپیشاندانەکانیش هیچ هەنگاوێکی جیدیی لەراستای دابینکردن و چاککردنی ژیانی خەڵکدا نابینین تۆ پێتوانییە دەسەڵات کات دەکوژی و خۆی دەدزێتەوە ئایا ئەم بارودۆخە تاچەند دەتوانی بەم جۆرە بمێنێتەوە؟ تۆ پێتوایە ئاکامی ئەم خۆدزینەوەی دەسەڵات بەکوی دەگات؟

د. سالار: بەگشتی دەبی بڵێین خزمەتگوزاریی کراوەو ئەنجامدراوە و پێشکەشکراوە بەڵام لەسەر ئاستی پێویست نەبووە، بەشێك لەو خزمەتگوزارییانە بەچەند کەناڵێکدا دەڕوات کە ئەم کەناڵانە بەشێوەیەکی یاسایی و مەدەنیانە مامەڵە بەپارەی ئەو پرۆژانەوە ناکەن، پێش ئەوەی بیر لەخزمەتگوزارییەکە بکرێتەوە بیر لە بەرژەوەندیی تاکە کەسەکان دەکرێتەوە.

بۆیە ئەگەر شەقامێك دروست بکرێت و دوای شەش مانگ هەڵوەشێتەوە من نیشانەیەکی پرسیاری دەخەمەسەر، ئەگەر فلانە پرۆژە هەڵبژێردرێت لەبەرئەوەی پارەو قازانجێکی زۆری تیا هەیە بەڵام کەمتر خزمەتگوزارییە نیشانەی پرسیاری لەسەر دادەنێم، ئەگەر سەیر بکەم زانکۆکەم زانکۆیەکە بۆ چل و پەنجاکان بەکەڵك هاتووە و تا ئێستا زانکۆیەکی نوی دروست نەبووە کە لەوانەیە پارەی سی چوار لەو بینا گەورانەی تێبچێت کە بەیەك مانگ تا ئاسمان درێژ دەبێتەوە ئەوە نیشانەی پرسیاری لەسەر دادەنێم، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بەکاربهێنرێت بۆ دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵێك بەرپرس دووبارە نیشانەی پرسیاری لەسەر دادەنێم.

ئەگەر شارێك لە 40% یان لە 50% ببێتە موڵکی کۆمەڵێك ئەوەی دیکەشی بەشێوەیەکی سەیرو سەمەرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت نەخێر ئەمە وانابێت، ئەگەر کۆمەڵێك دەوڵەمەند بوون یان لە دەوڵەمەندەوە بۆ زۆرتر چوون و بەشێکی زۆری میللەتەکەش هەژارەو بەرەو هەژارتر دەڕوات ئەمە جێگەی قبوڵ نییە، لەبەرئەوە کێن ئەوانەی دێنە سەر شەقام؟

من دڵنیام ئەگەر لێرەو لەوێش بڵێین کاری فڵان حیزب و فڵان دەستە ئەگەر لە 10% دابنێین وایە بەڵام لە 90% حاڵەتەکان خەڵکێکن هەڵدەچن بەوەی خزمەتگوزاریی نییە، یان بەرگەی هەژاریی ناگری، بەرگەی ئەوە ناگری بەرنامەیەك نییە بۆ گەنجان، کۆچ دەستی پێکردۆتەوە لای گەنجان، سەیر بکە لەماوەیەکی زۆر کورتدا چەند گەنج خۆی ژەهر خوارد کردووە، خۆکوشتنی پیاو ئێستا بۆتە دیاردەیەك.

بۆیە ئەگەر خزمەتگوزارییەك هەبێت هیچ نییە؟ ئەگەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە نەخێر کارگەیەکمان نییە بورغویەك دروست بکات، دەرزی و دەزوویەك دروست بکات، ئەگەر پێشکەوتن هەبێت پێشکەوتنی کۆمەلآیەتی لەگەلدانییە، کۆمەڵ دەچێتە دواوە بینای دەقاتی و پانزەقاتی دەچێتە پێشەوە.
رۆژ بەرۆژ کۆمەڵگە لەرووی سایکۆلۆژییەوە تێکدەچی و لەرووی کۆمەلآیەتییەوە تێکچووە، جیاوازیی چینایەتی و کۆمەلآیەتی زۆر زۆر بووە، جا لەبەرئەمە شیکردنەوەیەکی زانستیانەو سیاسیانە و ئەکادیمی دەوێت تا ئەوەی بتوانین لەهۆکەی بکۆڵینەوە، کە بەداخەوە رۆژێك لەرۆژان داوا لە هیچ کۆلێژێکی ئێمە نەکراوە کە توێژینەوەیەك بکەین لەسەر هەر دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەلآیەتی، سیاسەتمەداریش لای ئێمە هەموو شتێکە: سیاسییە، ئابووریزانە، فەیلەسووفە، لەهەموو شتێك دەزانێت.
ستیڤان: با لەباسی رۆڵی ئەکادیمیا و خەڵکی تەکنۆکرات دوور نەکەوینەوە، لەوێوە دەپرسم بەدەر لەتوێژینەوەی زانستی ئەرکی فراوانتری ئێوە وەك ئەکادیمیست و تەکنۆکرات چییە لەتایبەتی لە بارودۆخێکی لەمجۆرەی ئەمرۆی کوردستانی پێدا تێدەپەرێت؟
د. سالار: ئێمە لەلایەن ئەکادمییەکەوە بێدەسەلآتین، نەبەشداریی سیاسەت کراوین، نەبووینەتە سیاسەتمەداریش، بێدەسەلآتین و بەشداریی دەسەلآت نەکراوین، دەسەلآتداریش تەکنۆکراتانە بیری نەکرۆدتەوە کە ئەکادیمی بەشداربی لەبەرەو پێش چوونی ولآتدا، بەلآم لەهەمان کاتیشدا ئاست و مستەوای ئەکادیمی ئەم ولآتە زۆر نزمە، ولآتەکەش ولآتێکی دواکەوتووە و ئێمەش رەنگدانەوەی ئەو واقیعیەتە کۆمەلآیەتییەن کە هەیە، نەك ئەوەی خەتاکەی هەر بخرێتە سەرشانی دەسەلآتدار بەڵکو مامۆستایان خۆشیان ئاستیان نزمە ئەویش دووبارە وەك وتم رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەلآیەتی دواکەوتوانەی کۆمەڵگەیە.
هەر بۆیە میللەتیش پانزە ساڵ کارەبای نەبێت قبوڵی دەکات، پانزە ساڵە شتی نییە قبوڵی دەکات، یەکەم بۆیە قبوڵی دەکات چونکە میللەت دواکەوتووە و ناتوانی خۆی ئۆرگانیزە بکات.
دووەم هەر بەهۆی ئەو دواکەوتوویەوە هێزی ئۆپۆزسیۆن دروست نەبووە تاوەکو بتوانی بەرنامەیەکی هەبێت کەوەلآمی لایەنی دەسەلآتداری پی بداتەوە، کە ئەو بەرنامەو پرۆگرامە بتوانی وەك ئۆپۆزسیۆنێکی فیعلی سوودی لێوەربگری، بۆنموونە ئۆپۆزسیۆن یانی کۆنترۆڵکردنی دەسەلآت ئەمە ئەوە ناگەیەنی دوژمنی دەسەلآت بم بەڵکو بەشتێکی تەندروستی دەزانم ئۆپۆزسیۆن هەمیشە هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەلآت تا دەسەلآت لێی بترسێت و بتوانێت بەرنامەی باشتر بدات بەدەستەوە، ئەم حاڵەتەش هەر واقیعی ئێمە نییە واقیعی زۆربەی زۆری ولآتانی رۆژهەلآت و کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامییە.
هەربۆیە ئەلەمێنتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نییە لای خۆمان یانی نەچووینەتە دنیایەکەوە کە هەنگاوی تیابنری بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەگەر هەنگاوو سەرەتایەکیش هەبووبی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بەراستی دەیکوژن و لەناویدەبەن و دەیکەنە دەزگای حیزبی و دەزگای ژێر دەسەلآت، ئەمە مانای ئەوەیە سەرەتاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە نیشانەیەکە بۆ دیموکراسی نەهێڵراوە بژی و ببوژێتەوە.
نمونەیەکت پێدەڵێم ماوەیەك لەمەوپێش ئا لەم ژوورەی کەوتوویژی تیادەکەین سەندیکایەکمان دروستکرد (سەندیکای سیاسەتناسان) کە وەك هەر سەندیکایەکی تر بتوانین کاری تیابکەین، لێرە دەستوورمان داناو ئیشمان تیاکرد و بۆخۆم لەوە دەستەیەدا بووم.
ئەمە بۆئەوەی ببێتە سەندیکایەکی زانستە سیاسییەکانی ئەکادیمی سەربەخۆ کە رێکخراوێکی مەدەنی بێت و لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدا نەبی بەلآم بەداخەوە کۆمەڵێك بەناو ئەکادیمی هەر بۆ نموونە راگری

كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەكان ئەمانە لەگەڵ مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان ڕێكەوتن كە ئەمە ڕەخنەیەكی گەورەیە كە من لە مەلا بەختیار ی دەگرم، لەسەر ئەوە ڕێكەوتن كۆمەڵێك ناویان بڵاوكردبۆوە كە وتبوویان ئەم ناوانە هەڵبژێرن بەڕێگەیەكی ناشەرعی و دوور لە خورەوشتی ئەكادیمی و دیموكراسی، لەژێرەوە و بەموئامەرە كۆمەڵێكی حیزبیان هەڵبژارد و كردیانە كۆمیتەیەكی حیزبی.
بۆیە سبەینی چۆن دەتوانی سەندیكایەكی زانستی بێت بۆ نموونە چۆن دەتوانی لەسەر خۆپیشاندانێك ڕاوشیكردنەوەی هەبی، ئەمە كوشتنی ئەلەمێنتێكی كۆمەڵگەی مەدەنییە، ئەمە كوشتنی ڕێكخراوێكی مەدەنی بوو، كوشتنی سەندیكایەكی مەدەنی بوو، كوشتنی سەندیكایەكی زانستی بوو، بۆیە من ئیحتجاجم داو بەشەرعی دانانێم و كۆمەڵێك بەرژەوەندیی تاكی تیایە، مانای ئەوەیە ئەمە چۆن سەرەتایەكە كە ئێمە بەرەو كۆمەڵگەیەكی مەدەنی و دیموكراسی و دەزگایی بڕۆین؟ ئەگەر سیاسەتمەدارەكە خۆی ئەو سەرەتایانە بكوژێت.

ستیڤان: هەموومان كۆكین لەسەرئەوەی دەسەڵاتی كوردی كەموكورتی و گەندەڵی زۆری تێدایە ئێمە چۆن دەتوانین ریفۆرمی ئەم دەسەڵاتە بكەین؟ یان دەكری بڵێین لەكوێوە ریفۆرم دەست پێبكەین؟
لەلایەكی تر تا چەند ریفۆرمیزەكردنی ئەم دەسەڵاتە ئەگەرێكی بەهێزە؟ لەراستای ئەم كردەیەشدا ئەركی ئەكادیمستەكان چییە؟

د. سالار: زۆر بەڕاشكاویی دەڵێم نامەوێت باس لە ریفۆرم بكەم، چونكە گەیشتوومەتە قەناعەتێك كە ریفۆرمیش تازە دەرەقەت نایەت، گەندەڵییەكە چۆتە بارودۆخێكەوە كە لەناو خۆیدا خۆی دەخواتەوە و خۆی لەناودەبات، بەهەموو لێكدانەوەیەكم نیزامەكە چۆتە دواوە لەبری ئەوەی بچێتە پێشەوە، ئێستا نیزامێكی تەقلیدیی حوكم دەكات، دامودەزگاكان تێكچوون، گەندەڵییەكان كە لەپێنج شەش خاڵدا خۆی دەبینێتەوە چۆتە حاڵەتێكەوە كە بەڕاستی بەریفۆرمیش ڕزگاری نابێت.

ستیڤان: پێتوانییە ئەزموونی سۆڤێت جارێكی تر دووبارە دەبێتەوە و هیچ گلاستنۆس و پیرۆسترۆیكایەك ناتوانێت چارەسەری ئەم بارودۆخە بكات؟ بەبڕوای ئێوە دەسەڵاتی كوردی بەهەمان ڕێگەی هەڵدێری سۆڤێتدا هەنگاو نانێت؟

د. سالار: ئەوەی گورباتشۆف لەكتێبەكەیدا نووسی (پیرۆسترۆیكا- گلاستنۆس) وەك ئەڵمان دەڵێ پێویستیی بەبیركردنەوەی تازە هەیە، پێویستیی بەعەقڵی تازە هەیە، ئەگەر ئەو عەقڵەتازەیە، ئەو بیركردنەوە تازەیە كودێتایەك بێت بەسەر عەقڵی كۆندا پێویستمان پێیەتی.
بەڵام كێشەی ئێمە لەوەدایە لەوڵاتێكداین كە هەرگیز دیموكراسی بەخۆیەوە نەدیوە، خۆ دیموكراسی ئەوە نییە لەسەرجادە چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێك دانراون و ڕەخنەدەگرن.
دیموكراسی دەزگایە، دەستوورە قانوونە، مافی مرۆڤە، هەڵبژاردنە، دانانی ماوەیە بۆ دەسەڵات، ئەمانە هەمووی لەدەستوورەكانی دیموكراسی و سیستمێكی پلورالیزمدا هەن. ئەمەش لای ئێمە دەگەڕێتەوە سەرئەوەی ڕۆشنبیرانی وڵات، چەند ڕۆشنبیریی تیایە، چەند ڕۆشنبیریی ئازادەو چەند ڕۆشنبیریی بێلایەنە.
دەبێت عەقڵێكی تازە لەناو كۆمەڵگەوە بێت بۆئەوەی بگۆرێت، ئەمە بەقەناعەتی من پرۆسەیەكی دوورو درێژە و قورسە وەك ئەڵمان دەڵێت لەدایك بوونێكی زۆر بەژان و زۆر بەئازارە. جا لەبەرئەوە بمانەوی و نەمانەوی ئەم مێژووە دەبێت بگۆڕێ، ئەم گۆڕانەش كات و ماوەی دەوێت لەهەمان كاتدا هەوڵ و خەباتی دەوی.

ستیڤان: دوای یەكگرتنەوەی ئیدارەكان بەچڕوپڕی باس لە دامەزراندنی كۆمەڵگەیەكی دەزگایی دەكرێت لەكاتێكدا هیچ هەنگاوێك بەو ئاقارەدا نابینین بۆ ئاراستەكردنی كۆمەڵگەی كوردستان ڕووە و كۆمەڵگەیەكی دامەزراوەیی، لەبەرئەوە ئەم باس و خواسانە لە چوارچێوەی بانگەشەیەكی ڕووت و

دروشمێکی جێبەجی نەکراو بەولاوە هیچی تر نەبوون تۆ پێتوایە لەسەردەستی ئەم حیزبانە کۆمەڵگەی کوردیی دەبێتە کۆمەڵگەیەکی دەزگایی؟

د. سالار: خۆ گۆڕان بەقسە نییە، بەشیعارات نییە، دەبێت تۆ شت ببینیت، ئەو رۆژەی ئیدعای ئەوە دەکات سی ساڵی تری بۆ دابنی و لەهەمان رۆژدا بچۆرەوە بۆ لای با تەقیمێکی ئەو سی ساڵەی خۆی بکات بزانێت لەو کاتەوەی قسەی کردووە تا ئێستا چی بەدەستهێناوە؟.

بەلانی کەمەوە ئەگەر سەرەتایەکیش بێت چووبێتە سەرسکە، لەبەرئەوە کە تۆ دەڵێی وڵاتێکی دامودەزگایی هەبێت خۆ دەبێت لەسەر فاکت بێت، ئەی خۆ دەبێت ئەلەمێنتەکانی بەکاربێنێت، ئاخر بتەوی وڵاتێکی دامەزراوەیی و دیموکراسی و پێشکەوتوو بیت مانای ئەوەیە دەبی سەرەتاکانی دیموکراسییەتی بۆ بخوڵقێنیت و سەرەتاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ دروست بکەیت، رێگەی ئۆپۆزسیۆن بدەیت ئیشی زیاتر بکات، ئەمجۆرە دیاردەی خۆ پیشاندانانەی کە بە شێوەیەك وەڵا درانەوە ئەو رەفتارانە نەمێنێت.

بۆ نموونە لەزانکۆیەکین زانکۆکە لەگەڵ کاری حیزبی تێکەڵ کراوە، خەڵکی ناشایستە لە شوێنی شایستەیە چونکە لە تەکەتولاتە چونکە مەحسوب لەسەر فلان و فلان کەسی لەپشتە.

تۆ ئەرستۆ و نیوتن بیت لێرە قیمەتی نییە ئەگەر تۆ سەر بەیەکێك نەبیت یان پشتێکت نەبێت یان لەتەکەتولاتدا نەبیت.

ئەگەر وڵاتێك ئەمەی تیا چاك نەکرێت و پاك نەکرێتەوە نەخێر بۆ من هەرگیز نابێتە وڵاتێکی دامودەزگایی، خۆ بەعسیش دامودەزگای هەبوو، زەمانی بەعس عێراق وڵاتێکی دامودەزگایی بوو بەڵام داموو دەزگایەك بوو لەخزمەتی حیزبدا بوو لەخزمەتی سەرۆکدا بوو، لە خزمەتی عەقڵیەتێکی تەقلیدیدا بوو، خۆ هیتلەریش وڵاتێکی دامودەزگایی هەبوو، دەوڵەتێکی قانوونی هەبوو.

کەباسی دەمودەزگایی دەکرێت بەڵام کامە دامودەزگاو کام قانوون؟ لەکوێوە هاتووە و بۆ چ مەبەست و گۆڕانێك؟ ئەمەش جێی وتووێژ هەڵگرتنە.

ئەگینا ئەو وەختە دەبی بێینەوە سەر پێناسەکانی ماکس ڤیبەر لەسەر مەسەلەی دەسەڵاتی تەقلیدیی و دەسەڵاتی یاسایی و عەقڵانی، مانای ئەوەیە لەڕووی تیۆرییەوە بەرنامە دابرێژین و لەرووی پراکتیکەوە پیشانی بدەین.

بۆنموونە ساڵ نییە ئێمە هەوڵنەدەین بۆ کردنەوەی دەزگایەك بۆ دیراسات لەسەر بەعسیزم و فاشیزمی مێژوویی هەتاوەکو ئێستا هیچ شتێکیان بۆ نەکردووین کە ببێتە دەزگایەك، برۆ کتێبخانەکانی زانکۆ دوو کتێب نادۆزیتەوە لەسەر بەعس نووسرا بێت کە دەبوایە بەسەدان هەزار دۆلاری بۆ سەرفکرایە.

ئاخر ئاوا مامەڵە لەگەڵ مێژوویی سیاسی خۆماندا دەکەین ئاوا مامەڵە لەگەڵ سیستەمێکی سیاسی تۆتالیتاریی دەکەین؟ ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەوە بکەین چۆن دەتوانین ئەڵتەرناتیڤ دابنێین بۆ سبەینی و باسی دەوڵەتی قانوون و دەزگایی دەکەین لەکاتێکدا ئێمە دیراسەی ڕابردووی خۆمان نەکردووە، ئەگەر بمانەوی هەنگاو بنێین بۆ داهاتوو باجاری لە حازرەوە دەست پی بکەین، ئەوەی ئێستا هەیە یەك ملیۆن کێشە هەیە لەسەر جادەو لەناو دڵی خەڵکدا تۆ وەرە ئەمە چارەسەر بکە ئنجا ئەڵتەرناتیڤ دابنێ بۆ داهاتوو.

ستیڤان: دواپرسیارم ئەوەیە بارودۆخی سیاسی کوردستان بەرەو کوی ملی رێی گرتۆتە بەر، ئایا کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو ستەمکارییەکی زیاتر دەڕوات یان دیموکراسی تیا بەرجەستە دەبێت؟ بەگشتی گەشبینی یان رەش بین بەرامبەر بەداهاتوو؟

د. سالار: پرسیارێکی ئاسانە بەڵام وەڵامدانەوەکەی هەروا ئاسان نییە، چونکە دەکری مرۆڤ ئاسانتر پەلاماری ڕابردوو بدات بەڵام تۆزێك زەحمەتە پێشبینی هەبێت بۆ داهاتوو بەتایبەتی لەوڵاتێکی وا ئالۆزو دەوڵەتێکی وا ئالۆزو ناوچەیەکی ئەوەندە ئالۆزدا.

من خۆم هەمیشە لەژیانمدا مرۆڤێکی گەشبین بووم، ئەگەر گەشبین نەبوومایە کارو خەباتم نەدەکرد، بەڵام تەنیا یەك شت دەڵێم ئەگەر ئێمە عاقڵ بین و بزانین چۆن بیردەکەینەوە و دەسەڵات بەرژەوەندیی نەتەوە و بەرژەوەندیی سیاسی وڵات بخاتە سەرو بەرژوەندیی خێزان و بنەماڵە و دەستەگەریی خۆیەوە و بزانی کە چۆن مامەڵ بکات و ڕێگە بدات بە خەڵکانی تر بەشداریی بکەن لەسیاسەتدا قەناعەتم وایە بارودۆخێکی وا لەئارادایە کەوڵاتی ئێمە بەرەو ئایندەیەکی باش بڕوات و گەشە بکات چ لەڕووی سیاسییەوە چ لەڕووی ئابوورییەوە.